# ئەنفال و ژمارەکانی

هیلال ئیبراهیم

دۆسیەی دووەمی دادگایی کردنی سەدام و هاوکارانی لەسەر کارەساتی  ئەنفال دەستی پێکرد. کە تیایدا ژمارەیەك بەڵگە و دۆکیۆمێنتی تایبەت بەو تاوانە بەبەرچاوی دونیاوە دەخرێنەڕوو و کورد کێشەکەی دەخاتە بەردەم  تاوانباران و جیهان کە کێشەی نەتەوەیەکە نەك کێشەی کۆمەڵێك کەس لەچوارچێوەی هەرێمێکی دەستکرددا، لەم رۆژەدا کورد پێویستی بەیەکلاکردنەوەی کۆمەڵێك کێشەیە... بۆیە ئەو گەلە دەبێ بە کۆمەڵێك دیکۆمێنت و شاهد و بەڵگەی جدیەوە ئامادەی دادگادا بێت نەك لەبەرامبەر عاتفە یا بەرژەوەندی سیاسی رووت. چونکە کێشەی ئەنفال کێشەی عاتفی یا ژمارە نیە بەڵکو کێشەکە هەستانی رژێمێکە بەکوشتنی بەکۆمەڵی خەڵك و جینۆسایدکردنیان. ئێمە دەمانەوێ ئەو راستیە بزانین و بخەینەڕوو کە  پەیوەندی بەدەسەلاتەوە هەیە تاچەند راستگۆبووە لەگەڵ کێشەکەدا و خۆی بۆ ئەم رۆژە ئامادەکردووە، چ لەڕووی کۆکردنەوەی بەڵگە و دۆکیۆمێنت چ لەڕووی هەڵبژاردنی شاهیدەکان و ئەو رێوشوێنانەی کە پێویستن بۆ سەرخستنی ئەو دۆزە. دەبوو لەماوەی پانزە ساڵی رابردوودا هەوڵی جدی بدرایە بۆ ئەم رۆژە چونکە رۆژی دادگایی کردنی سەدام و سەرانی ئەو رژێمە رۆژی دادگایی کردنی بێدەنگی دەوڵەتان و رێکخراوە نێودەوڵەتیەکانە، هەروەها پێویستە کورد ئەم رۆژە وەك هەلێك تەماشا بکات بەمەستی دەرکەوتنی وەك نەتەوەیەك کە نەتەنها سەدام و رژێمەکەی زوڵمیان لێکردووە بەڵکو ئەم نەتەوە لەدنیادا تائێستاش رووبەڕووی مەترسی لەناوبردن دەبێتەوە.

لەماوەی ئەم پانزە ساڵەدا داهاتێکی تایبەت تەرخان نەکرا بۆ کۆکردنەوەی بەڵگە یا بانگی کەسانی پسپۆڕ بکرێ کە هەستن بەئەرشیفکردن و پاراستنی بەڵگەکان لەوپێناوەدا بەڵکو لێرەو لەوێ گۆڤارێ یا رۆژنامەیەك یان یادکردنەوەیەکی سیاسی ئەو کارەساتە بەس نەبوو. دەبێت هێزە سیاسیەکان لەم دادگاییەدا هەوڵبدەن بیسەلمێنن بۆ دنیا کە کورد جینۆسایدکراوە(بەداخەوە تائێستا بەشێوەیەکی رەسمی لەجیهاندا ئەنفال وەك جینۆساید نەناسراوە). مەسەلەیەکی گرنگی تر پەیوەندی بە ژیانی کەسوکاری ئەنفالکراوەکانەوەیە کە ئایا بە دادگایکردنی سەدام چی لەژیانی سادەی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان و پاشماوەکانیان دەگۆڕێت. هەمووبان ئەو راستیە دەزانین کە دەسەڵاتی کوردی هیچی بۆ ئەوان نەکردووەو چاوەڕێی ئەوەش ناکرێت بەمزوانە دەسەلات تاقەتی ئەوەی هەبێ شتێکیان بۆ بکات دەبێت خەڵکەکە لەڕێگای ئەم دادگاییەوە سکالای خۆیان تۆماربکە لەحکومەتی عێراق کە یارمەتی بدرێن و قەرەبوویان بۆ بکرێتەوە، لە راستیدا حکومەتی هەرێم هیچی بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوەکان نەکردووە بۆیە ئێستا

بەشێوەیەکی رەسمی داوای لەحکومەتی ناوەندی دەکات کە قەرەبووی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بکاتەوە.
ئێمە لێرەدا یەك پرسیاری سادە دەکەین ئایا حکومەتی هەرێم ناتوانێ قەرەبووی ئەوخەڵکە هەژارە بکاتەوە لەو بودجەیەی کە لەحکومەتی عێراقی وەردەگرێت کە لە%17یە کە ئەو خەڵکە تا ئێستاش ئاسەواری جینۆساید بەسەر ژیانیەوەیەتی. پێویستە دەسەلأتدارانی کوردیش شەرم لەخۆیان بکەن کە هیچ یارمەتیەکی لێقەوماوانی ئەو کارەساتەیان نەداوە و هەولّی ئەوەشیان نەداوە یارمەتی ناوچەکانیان بدرێت تابۆیان کرابێت نەك سەرمایەی نیشتمانی بەڵکو کارەساتەکانیشیان بەکارهێناوە وەك سەرچاوەی پەیداکردنی داهات.
ئەوەی هەمووئەو نەگبەتیانەی دەسەلأتی کوردیمان بەڕوونی بۆ دەردەخات لێدوانی ئەم دواییەی وەزیری مافی مرۆڤە دەربارەی ژمارەی قوبانیانی ئەنفال کە بە وتەی ئەو ژمارەی قوربانیەکان 182هەزار نین بەڵکو ئێمە تەنها 53هەزار بەڵگەمان لایە ئەم قسانەی ئەو بەرپرسە لەم کاتەدا یەك حەقیقیت ئاشکرا دەکا ئەویش ئەوەیە کە دەسەلأتداران لەکوردستاندا زۆر شت لەخەڵکەکە دەشارنەوەو بەهەر بڕوبیانویەك بووە خەڵکەکە فریوو دەدەن.
ئەوان ئێستا تێگەیشتوون کە ناتوانن ئەو ژمارە سیاسیە بەکاربێهنن چونکە هەم ئێستا کاتی ئەوە نیە کە ئەو ژمارەیە بۆ خەڵکی ئاشکرا بکرێ و هەم خۆشیان بۆ ئەم رۆژە ئامادە نەکردوە لەراستیدا دەبوو بەرپرسان راستی و ناڕاستی ئەو ژمارەیەیان زووتر بلأوبکردایەتەوە و بەخەڵکیان بووتایە.
لەگەڵ ئەوەدا کێشەی ئەنفال کێشەی ژمارە نیە بەڵکو کێشەی لەنێوبردن و جینۆسایدکردنی خەڵکە بەشێوەیەکی دەستەجەمعی و دابڕانیانە لەکۆمەڵ و دواتر لەنێوبردنیانە.